گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(3).Paper19
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 22/08/2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 21/09/2023
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: **29/06/2025**

# سەرهەڵدانی سرود و گۆرانی لە ئەدەبی منداڵانی کوردیدا

**حەیدەر مەحمود قادر[1] - بەکر شاکر عەبدوڵلا[2]**

bakir.abdullah@su.edu.krd - haidar.qasre@gmail.com

[1+2] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەژێر ناونیشـانی (سـەرهەڵدانی سرود و گۆرانی لەئەدەبی منداڵانی کوردیدا)یە، لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە لە پێشـەکییەك و سێ بەشـدا خراوەتەڕو، کە چەمك و پێناسـەی سرودو گۆرانی بەشـــێوەیەکی گشـــتی و سرودو گۆرانی منداڵان بەشـــێوەیەکی تایبەتی دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، پاشـــان باس لە قۆناغەکانی سـەرهەڵدان و گەشـەکردنی لە ئەدەبی منداڵانی کورد (باشـوری کوردسـتان)دا دەکات، لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵماندداوە بە شـێوەیەکی ورد باس لە خاڵە سـەرەتاکانی سـەرهەڵدانی سرود و گۆرانی منداڵان بکەین و ئەو شـاعیرانەی دەسـتیان هەبوە لە دانانی سرود و هۆنراوەی سرودە کوردییەکان باس بکەین، ڕەنگە پێشـــتر هەمان ئەو شـــیعر و شاعیرانەی منداڵان، کە ئێمە باسیان دەکەین لەبارەیانەوە نوسرابێت، بەڵام وەکو شیعر نەوەك سرود، یان گۆرانی، بۆیە ئێمە تەنها ئەو دەقە شـــیعرییانە وەردەگرین کە کراون بە سرود و گۆرانی و بە شـــێوەیەك لە شـــێوەکان بۆ منداڵان، یان قوتابیانی قوتابخانەکان وتراون، ئاشـــکراشـــە کاتێك شـــیعرێك دەکرێت بە سرود یان گۆرانی، ئەوا پێویســـتی بە ئاوازێکی گونجاو هەیە و لەگەڵیشیدا بەم ئاوازەوە بگوترێت و پێشکەش بکرێت.

**کلیلە وشە:** ئەدەبی منداڵان، سرود، گۆرانی، هۆنراوە.

# The Appearance of Anthem and Songs in Kurdish Children's Literature

Haydar Mahmood qader1 - Bakr Shakr Abdulla2

[1+2] Department of Kurdish Language, College of Basic Education, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

This research is designated (the appearance of anthems and songs in Kurdish children's literature). It is descriptive and analytical research. it sorts of an introduction and has three parts. the first part includes five topics: the first topic ventilates the concept and definition of anthems, the second topic discusses the types of anthems, the third topic discusses the concept and definition of songs, the fourth topic discusses the types of Kurdish songs, and the fifth topic presents the history of Kurdish anthems and songs. The second part consists of three topics: the first discusses the definition of children's anthems, the second discusses the definition of children's songs, and the third presents a comparison between anthems and songs. The third part consists of two topics, the first discusses the history of the appearance of children's songs in Kurdish folk literature, and the second discusses the history of the appearance of children's songs in written literature, the results are presented at several points, and the list of sources is listed scientifically.

**Keywords:** children's literature, anthem, song, poetry

## پێشەکی

لە سەردەمی ئەمڕۆمانەدا بەهۆی ئەوەی گرنگییەکی زۆر بە بواری پەروەردە و فێرکردن دەدرێت، هەروەها ئەدەبی منداڵانیش لە چوارچێوەی پلانی پەروەردە و فێرکردنـدا بـایەخێکی زۆری پێـدەدرێـت و وەك هۆکارێکی یـارمەتیـدەر بۆ دروستکردن و پێگەیاندنی تاکێکی سودبەخش و سەرکەوتو لە داهاتودا سەیردەکرێت، لەنێو ژانرەکانی ئەدەبی منداڵانیشدا سرود و گۆرانی منداڵان یەکێکە لەو ژانرانەی لەگەڵ گۆڕانی سـەردەمەکان و پێشـکەوتنی تەکنەلۆجیادا بایەخ و گرنگی زیاتری پێدەدرێت و دەبێتە ئامرازێك بۆ چاندنی بەها باڵاکانی کۆمەڵگە لە دڵ و دەرون و ئاوەزی منداڵدا، بۆیە ئەرکی لێکۆڵەران و پەروەردەکارانە کە بایەخ بەم ژانرەی ئەدەبی منداڵان بدەن و بە شێوەیەکی زانستییانە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت و بخرێتەڕو.

**ناونیشـانی لێکۆڵینەوەکە:** ناونیشـانی لێکۆڵینەوەکەمان بریتییە لە (سـەرهەڵدانی سرودو گۆرانی لە ئەدەبی منداڵانی کوردیدا)، کە باس لەمێژوی سەرهەڵدان وگەشەکردنی سرودو گۆرانی منداڵان دەکات لە باشوری کوردستان.

**سنوری لێکۆڵینەوەکە:** سـنوری جوگرافی لێکۆڵینەوەکە تایبەتە بە باشـوری کوردسـتان، سـنوری کاتی لێکۆڵینەوەکەش لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم و دروسـتبونی دەوڵەتی عێراق دەسـت پێدەکات، تاوەکو سـاڵی پەنجاکان، کاتێك کە سرود و گۆرانی منداڵان بەرەو قۆناغێکی نوێ هەنگاو دەنێت.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:** ئەدەبی منداڵان یەکێکە لەو بوارانەی کە لەسەردەمی ئەمڕۆماندا بایەخی زۆری پێدەدرێت، ئەم بایەخپێدانەش ئەوکاتە زیاتر دەبێت ئەگەر ڕەنگدانەوەی لەسـەر ئاکارو ڕەفتاری منداڵدا هەبێت، سرودو گۆرانی منداڵانیش یەکێکن لەو بوارانەی کە کاریگەری زۆریان بەسـەر منداڵەوە هەیە، بەڵام تاوەکو ئێسـتا بە بەراورد لەگەڵ چیرۆك و شیعری منداڵان لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆی لەبارەوە نەکراوە.

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە بایەخێکی زۆری دەبێت بۆ نوسـەران، پەروەردەکاران، مامۆسـتایان، دایبابان و ناوەندە زانستی و پەروەردەییەکان، تاوەکو لەم ڕێگایەوە ڕۆڵ و گرنگی ئەم ژانرەی ئەدەبی منداڵان بزانن.

**ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکدێت لە: پوختە، پێشـەکی، سێ بەش و ئەنجامەکان، بەشی یەکەم پێنج تەوەرە لەخۆدەگرێت، تەوەرەی یەکەم: باس لە چەمك و پێناسـەی سرود دەکات، تەوەرەی دوەم جۆرەکانی سرود، تەوەرەی سـێیەم باس لە چەمك و پێناسـەی گۆرانی دەکات، تەوەرەی چوارەم باس لە جۆرەکانی گۆرانی کوردی دەکات، تەوەرەی پێنجەمیش مێژوی سرودو گۆرانی کوردی دەخاتەڕو، بەشی دوەمیش پێکدێت لە سێ تەوەرە، تەوەرەی یەکەم باس لە پێناسـەی سرودی منداڵان دەکات، تەوەرەی دوەمیش باس لە پێناسـەی گۆرانی منداڵان دەکات، تەوەرەی سـێیەمیش بەراوردی نێوان سرود و گۆرانی دەخاتەڕو، بەشی سـێیەمیش لە دو تەوەرە پێکهاتوە، تەوەرەی یەکەم باسی مێژوی سـەرهەڵدانی سرود و گۆرانی منـداڵان لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی دەکات، تەوەرەی دوەمیش بـاسی مێژوی سـەرهەڵدانی سرود و گۆرانی منداڵان لە ئەدەبی نوسراودا دەکات، پاشـان ئەنجامەکان لە چەند خاڵێکدا خراونەتەڕو، دواتر لیستی سەرچاوەکان بە شێوەیەکی زانستی ڕیزکراون.

**ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە:** سروشـت و پێكهاتەی لێكۆڵینەوەكە وا دەخوازێت كە ڕێبازی وەسـفی شـیكاری و هەندێكجاریش مێژوویی بۆ لێكۆڵینەوەكە پەیڕەو بكرێت.

## 1- چەمك و پێناسەی سرود و گۆرانی

### 1-1 چەمك و پێناسەی سرود

بۆ ئەوەی بتوانین ئاشـــنای چەمك و پێناســـەی سرود ببین، ئەوا پێویســـت دەكات بگەڕێینەوە بۆ ئەو ســـەرچاوەو فەرهەنگانەی، كە باسی سروديان كردوە؛ بۆ نمونە: لە (فەرهەنگی ئەدەبی)دا بەم شـــێوەیە باس لە دەســـتەواژەی سرود كراوە: ((سرود- Hymne، لە ڕەگی (Uph)ەوە هاتوە، واتە ڕستن- tisser، یان هۆنینەوە، ئەمەش هەمو جۆرە سرودێك (گۆرانی- Chant) دەگەیەنێ، چونكە ئەوەی دوایی زیـاتر مـانـایەكی ئـایینیشیـ هەیە.)) (عومەر، 2012، 173)، لە (فەرهەنگی زاراوە عەرەبییەكان لە زمان و ئەدەبدا) بەم شێوەیە پێناسەی سرود كراوە: (سرود، هۆنراوەیەكە بۆ پیاهەڵدانی خوداكان و پاڵەوانەكان وتراوە، كە لە بنەڕەتدا بۆ یۆنانییەكان دەگەڕێتەوە، هەروەك لە سرودەكانی (هۆمیری)دا بەرچاو دەكەوێت، هەروەها لە ئەدەبی ڕۆژئاواشـــدا بۆ پیاهەڵدانی كەســـایەتییە گەورەكان وتراوە، یان ســـیفەتێكە دەخرێتەپاڵ كەسـانی چاكەكار). (وهبة؛ المهندس، 1984: 411). (محەمەد حەمەباقی) لەكتێبی مێژوی مۆسـیقای كوردیدا دەڵێت: موغەكانی زەردەشـــت، ئەم سرودانەیان (سرودەكانی گاتا) لە ئاتەشـــگەكاندا بە ئامێری مۆســـیقاوە خوێندۆتەوە، بۆیەش پێیان وتراوە سرود، تا پلەیەكی بەرزتری لە گۆرانی ناو خەڵكی پێ بدەن. (باقی، 2002: 101)، لەم پێناسانەی سەرەوەدا بە شـــێوەیەك باس لە سرود كراوە كە لە ســـەرەتادا بە مەبەســـتی ئایینی وتراون، بەڵام لە ئەدەبی نوێدا، بە تایبەت دوای سـەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی و نیشـتیمانی و ڕەنگدانەوەی لەناو ئەدەبیاتی گەلاندا، پێناسـەی سرود تاڕادەیەك گۆڕانكاری بەســـەردا دێت و زیاتر بە مانای ئاوازو گۆرانی نیشـــتیمانی دێت، هەر بۆیە لە هەردو فەرهەنگی هەنبانەبۆرینەو فەرهەنگی خاڵدا، سرود بەمانای (گۆرانی نیشتیمانی) هاتوە، سرودی نیشتیمانی: (پارچە شیعرێكی ئاوازو مۆسیقادارە، لە بۆنە فەرمی و گشتییەكاندا، یاخود لەكاتی كردنەوەی ئاهەنگەكان و بۆنە نەتەوەییەكان پێشكەش دەكرێت) (الكيالي، ب.س: 581)، (فەرهاد پیرباڵ)یش لە پێناســەی سروددا دەڵێت: ((سرود لقە ژانرێكی دیكەی نوێیە كە لە شـیعری سـەردەمی كۆندا بونی نییە و لە قۆناغی نوێدا ســـەرهەڵدەدات كە بریتییە لە شـــیعرێكی لیریك بەزمانێكی ئاســـانی ئەوتۆ كە بكرێتە گۆرانی یان زو ئەزبەر بكرێت بۆ منداڵان و قوتابیان؛ ئەمەش بۆ دەربڕینی ناوەڕۆكە بەرزە ئەخلاقییەكان و شانازییە نەتەوەییەكان و بۆنە كۆمەڵایەتییەكان و ئامۆژگارییەكان)).(پیرباڵ، 2005: 87)، لەم پێناســـەیەدا (فەرهاد پیرباڵ) پێیوایە سرود لقە ژانرێكی شـــیعرییە، بەڵام (عەبدوڵا ئاگرین) پێی وایە: سرود هەرچەندە ســـیماو خەســـڵەت و زۆرینەی هەلومەرجەكانی شـــیعری لەخۆگرتوە، بەڵام ژانرێكی سـەربەخۆیە و خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندێتی خۆیەتی، كە دەكرێت بەشێوەیەكی گشـتی و سـەرانسـەری لە شـیعردا نەبێت، بۆنمونە: (حەماس)ێكی تایبەت، سرود بۆخۆی كانگای دەربڕینی گیانی سـۆزو نەسـت و ئەندێشـەوكارە عەقڵانییەكانە، بەهۆی سـازو ئاوازی مۆسـیقی شـۆڕشـگێڕانەو هێزی ئەو تەلیســـمە وروژێنەرە خۆی بۆ هەست و هۆش و ناخی دەرونی مرۆڤ دەكوتێ، ئەوە نەك لە دنیای ئەدەبی كوردیدا، بەڵكو لەسەر ئاستی ئەدەبی گەلانی دراوسێشدا ئەنجامەكەی ڕونە. (ئاگرین، 2012: 343).

کەواتە بە خوێندنەوەی ئەم چەند پێناسەیەی سەرەوە، دەتوانین بڵێین: لە مێژوی کۆندا سرود ئەو هۆنراوە ئاوازدارانەن کە بەدەنگ وتراون، ئەمانەش دەکرێت بەبێ مۆسیقا، یاخود لەگەڵ مۆسیقادا بوترێن، زیاتریش بەشێوەی کۆمەڵ لەچوارچێوەی ڕێوڕەسمە ئایینیەکانداو لەناو پەرستگەو ئاتەشگەکاندا پێشکەش کراون، بە مەبەستی پاڕانەوەو پیاهەڵدانی خوداکان و پیاوچاکان و پیاوانی ئایینی، بۆ نمونە : سرودی گاتاکان لە ئایینی زەردەشتیداو سرودەکانی هۆمیری لای یۆنانییەکان، بەڵام بە تێپەڕبونی کات مەبەستەکانی سرود فراوانتر بون و تا ڕاددەیەك گۆڕانکاری بەسەردا هات، بە تایبەت لە ئەدەبی نوێدا، کە سرود جگە لە مەبەستە ئایینیەکەی بۆ مەبەستی نیشتیمانی و نەتەوەییش بەکاردەهێنرێت، بۆیە سرود لە ئەدەبی نوێدا ئەو هۆنراوە ئاوازو مۆسیقادارانەن بە مەبەستی بەرزکرنەوەی گیانی نەتەوایەتی و نیشتیمانی، بە گوروتینێکی بەرزەوە باس لە گیانی نەتەوایەتی و نیشتیمانی و خۆشەویستیی خاك و وڵات دەکەن، لە ڕێوڕەسم و بۆنە فەرمی و نەتەوەییەکان و لە قوتابخانەکان پێشکەش دەکرێن.

## 2-1 جۆرەکانی سرود

سرود بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت بە چەند جۆرێك، کە ئەمانەن:

**1- سرودی منداڵان:** ئەو جۆرە سرودو گۆرانییە، بریتییە لە وشەی سادەو ئاوازی سوك و کورت و دوبارە کردنەوەی سەروا، تا بەئاسانی لەبەربکرێت، سرودی منداڵان پێکهاتوە لە سرودی (فێرکردن، یاری، نیشتیمانی، ئامۆژگاری و چیرۆك).

**2- سرودی ئایینی:** ئەم جۆرە سرودە لە بۆنە ئایینیەکان دەوترێن کە نزاو پاڕانەوەن، وەك لە ئایینی ئیسلام، مەسیحی و زەردەشتدا هەن، کورد بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام خاوەنی ئەم جۆرە سرودە بوە، ناوەڕۆکی سرودەکان بریتییە لە بانگکردنی مرۆڤ بۆ یەکتاپەرستی و دروستی و ئەندێشەی چاك و وتاری چاك و کرداری چاك، کە بە زمانی ئاڤێستایی هۆنراوەتەوەو حەڤدە سرودە.

نمونەیەك لە سرودی ئاڤێستا:

سرودی یەکەم 8/4 دەڵێت:

**من ڕۆحم بە ئەندێشەی چاك،**

**لە سەرای بەریندا جێ دەکەمەوە،**

**بە ئاگادار بون لەم پاداشتە،**

**کە ئاهورا بۆ کارەکان دایناوە،**

**تاکو هێز و توانام هەبێت،**

**خەڵکانی دیکە فێردەکەم،**

**کە لە ڕێگەی ڕاستیدا تێبکۆشن.**

**3- سرودی نەتەوەیی.**

**4- سرودی نیشتیمانی.**

**5- سرودی سیاسی.**

ئەم سێ جۆرە سرود و گۆرانییەش لەکاتی ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی بزوتنەوەی نیشتیمانی و شۆڕش و ڕودانی کارەسات بەسەر میللەتان وەك سەنگەرێکی دیکەی میللەت دێنە مەیدانی تێکۆشان و دەبنە پشتیوانێکی مەعنەوی بۆ جۆشدانی گەل لە ڕوبەڕوبونەوەی داگیرکەران و بە پیرۆزکردنی نەتەوەو نیشتیمان. (شەریف، 2008: 51)

## 3-1 چەمك و پێناسەی گۆرانی

گۆرانی، یاخود ستران، بەشێکە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی و لە ڕوی فۆرمەوە وەکو سرود وایە، هەندێ جاریش بە ئەستەم لەیەکتری جیادەکرێنەوە، سەبارەت بە پەیدابونی وشەی گۆرانی، هەندێك لە نوسەران و لێکۆڵەران پێیانوایە: واژەی گۆرانی لەناوی هۆزی (گۆران)ەوە وەرگیراوە، (د. محەمەد موکری) پێی وایە: وشەی گۆرانی لە بنەڕەتدا بۆ هۆزی گۆران دەگەڕێتەوە، کە هۆزێکی گەورەی کوردەو لە نێوان سنەو کرمانشاندان، ئەمانەش پەیڕەوی ئایینی (ئەهلی حەق)ن و بیروباوەڕی خۆیان و ئەدەبیات و نەریتی تایبەتی خۆیان هەیە.(موکری، 1999: 21)، (محەمەد حەمەباقی)ش دەڵێت: عەشیرەتی گۆران کە نزیکەی هەزار ساڵێك دەبێت لە پەیڕەوانی ئایینی (ئەهلی حەق)ن، شوێنکەوتوانی ئەم ئایینەش لە کوردستاندا دەژین و کتێبێکیان بە ناوی (سەرەنجام) هەیە، ئەم کتێبە بە زاراوەی گۆران نوسراوە، لەکاتی سرود خوێندنەکانیاندا کە (سرودی یارسان)یان پێ دەڵێن و بەئاوازەوە دەوترێنەوەو لەگەڵیاندا تەنبور بەکاردێنن، ئەم کارەش شەقڵێکی وای لای خەڵکی ترو دراوسێکانی خێڵی گۆران دروست کردوە، ئەگەر هەرکەسێك بەم شێوەیە مۆسیقاو شیعرو ئاواز تێکەڵ بکات، ئەوا لاسایی عەشیرەتی گۆرانیان کردوەتەوە، بۆیە پێیان وتون گۆرانی. (باقی، 2002: 44).

سەبارەت بە پێناسەی گۆرانی، (عوسمان شارباژێڕی) دەڵێت: ((گۆرانی: بریتییە لە کۆمەڵە نەغمەیەك کە لە سەر بناغەی پلە و پەردەی دەنگیی پێکدێ و خراوەتە قاڵبی ئاوازێکەوە، کە گوێندە ئەتوانێ بەهۆی ئەو ئاوازەوە کار بکاتە سەر مێشك و دەرونی گوێگر، ئەگەر وتنەکەی بەرێوجێ و دەنگەکەی بە سۆز و ڕەوان بێ)). (شارباژێڕی، 1972: 51)، هەروەها (د.عیززەدین مستەفا ڕەسول)یش دەڵێت: ((گۆرانی کۆنترین بەشی فۆلکلۆرە ؛ هەروەك بەشێکی دیاری هۆنراوەی لیریکە، ئەم هونەرە لە زۆر کۆنەوە پەیدا بوە، هەر لەو کاتەوە کە هێشتا هۆشیاری گەل لە ئاستێکی نزمدابوە، گۆرانی هۆنراوەی بچوك و کورتە و لەڕوی ژانرەوە بەشێکە لە لیریك، وە زۆرتر، بە تایبەتی لای گەلانی پێشکەوتو، بەبێ مۆسیقا یا پیانۆ ناوترێ)). (ڕەسول، 1970: 59-62)، لە (فەرهەنگی زاراوە عەرەبییەکان لە زمان و ئەدەب)یشدا بەم شێوەیە پێناسەی گۆرانی کراوە: (دەقێکی گوتراوی ئاوازدارە، بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ گۆرانی وتن ئامادەکراوە). (وهبة، المهندس، 1984: 52). کەواتە دەتوانین بڵێین: گۆرانی ئەو هۆنراوە ئاوازدارەیە کە لەلایەن کەسێك یان چەند کەسێکەوە دەگوترێت، دەکرێ ئەمەش بەمۆسیقا یان بەبێ مۆسیقاوە بگوترێت.

## 4-1 جۆرەکانی گۆرانی کوردی

لەبارەی جۆرەکانی گۆرانی کوردییەوە چەند پۆلێنێکی جیاواز هەیەو بیروڕای جیاوازیشی لەسەرە، بۆ نمونە : (عوسمان شارباژێری) بەم شێوەیە جۆرەکانی گۆرانی کوردی دابەشکردوە:

1. **گۆرانی کارکردن.**
2. **گۆرانی شوان.**
3. **گۆرانی جوتیار.**
4. **گۆرانی ئایینی.**
5. **گۆرانی ئاهەنگ.**
6. **گۆرانی چەمەری.**
7. **گۆرانی ژنانە.**
8. **گۆرانی منداڵان.**
9. **گۆرانی جەنگ و جەوامێری**
10. **گۆرانی گەپ و کۆمیك**
11. **گۆرانی ڕاو.**
12. **گۆرانی دڵداری.** (شارباژێری، 1985: 70)

## 5-1 مێژوی سرودو گۆرانی کوردی

هەرچەندە بابەتی لێکۆڵیەنەوەی ئێمە سرودو گۆرانی منداڵانە، بەڵام وەکو دەروازەیەك پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مێژوی سرودو گۆرانی بەگشتی و کەمێك تیشکی بخەینە سەر، چونکە ئەم گۆرانی و سرودانە تێکەڵ بە تەواوی کۆمەڵگا بونە و منداڵانیش بەشێکن لەو کۆمەڵگایە، لەم بارەیەوە زۆر سەرچاوەی گرنگ باسیان لەم بابەتە کردوەو مێژوی سرودو گۆرانی کوردییان بۆ سەردەمێکی لە مێژینەی نەتەوەی کورد گێڕاوەتەوە، بەڵام کەمترین دەق لەم بارەوە دەست کەوتون و ئاماژەیان پێ کراوە، ئەمیش بەهۆی ئەوەی لەکاتی ئاڵوگۆڕی سیستەم و حوکمڕانی و ناهەمواری ئەو بارودۆخەی ڕوی لە نەتەوەی کورد کردوە، نەتوانراوە پارێزگاری لەم دەقانە بکرێت و لەناوچون، بۆ نمونە: (زەینەفۆن)ی سەرکردەی سوپای یۆنانی، لەکاتی گەڕانەوەی لەشکرەکەی بەخاکی کوردستاندا دەڵێت: ((فەرمانم دا کە لەشکرەکەم بیێ بە دو بەشەوە، فەرمانم دا بەشێکیان لەگەڵ باروبنەکەدا بپەڕنەوەو بەشەکەی تریشیان خەریکی خۆکۆکردنەوەو پەلاماردان بێ بۆ سەر کوردەکان، هەرکە کوردەکان سەیریان کرد ئەوا بەشێکمان لە ئاوەکە پەڕیوەتەوەو بەشێکی کەممان لەم بەری ئاوەکەوە ماوەتەوە بە سرود خوێندن لە شاخەکان هاتنە خوارەوەو پەلاماریان داین)). (جاف، 1961: 88).

بەشێوەیەکی گشتی مێژوی مۆسیقاو گۆرانی کوردی بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەبێت، کە ئەمانەن:

**<u>قۆناغی یەکەم: سەرەتایی:</u>** ئەو قۆناغە بوە کە مرۆڤی سەرەتایی، لەسەرەتادا دێت دەنگ و ئاواز دەدۆزێتەوە؛ پاشان ئامێرە سەرەتاییەکانی سازدانی دەنگ و ئاواز دروست دەکات، ئەمە یەکەمین شارستانییەتەکانی ئەکەدی، بابلی، ئیلامی و ئاشورییەکانیش دەگرێتەوە، تابلۆو پەیکەرو شوێنەوارە دێرینەکانی ئەکەدی و بابلی و ئاشورییەکان پڕن لە گەواهی ئەوەی

کە مرۆڤ لە کوردستانی سەردەمی شارستانییەتە دێرینەکاندا مۆسیقای ناسیوە، ئامێرە سەرەتاییەکانی دەنگ و ئاوازی دروست کردوە، ئاشکراشە مەڵبەندی شارستانییەتی ئەمانە هەمان مەڵبەندەکانی کوردستانن. (پیرباڵ، 2010: 7)

**قۆناغی دوەم: قۆناغی دین:** ئەم قۆناغە بوە کە مۆسیقا بە شێوەیەکی گشتی و بە پلەی یەکەم، لە دین و هەستی خواپەرستییەوە سەرچاوەی گرتوە، دینی زەردەشتییش بە یەکێك لە یەکەمین سەرچاوەکانی گۆرانی و موزیك دەژمێردرێ لە کوردستاندا؛ گاتا یان گات، کە دەکاتە ئایەتەکانی ناو کتێبی ئاڤێستا، کە بە موزیك یان بەشێوەی سرودی دینی دەگوترانەوە، یادگاری ئەو نوێژو بانگە مەزهەبییانەی سەردەمی زەردەشتن، کە زۆربەی مێژونوسان پێیانوایە سیاچەمانەو هۆرەی هەورامان، هەروەها سرودی یارسانی ئەهلی حەق، بەهەمان شێوە موزیك و گۆرانی یەزیدییەکانیش لەکاتی زیکرو کۆڕەکانیاندا، لە مۆسیقای زەردەشتی و دینی زەردەشتەوە هاتون؛ لەدوای لەناوچونی دەوڵەتی میدیاشدا، (هەخامەنشییەکان) لەژێر کاریگەری ئەم کلتورەی میدیاییەکاندا دێن نەك هەر تەنیا هونەری موزیك و گۆرانی، بەڵکو هونەری نیگار و نوسینیش پیرۆز دەکەن، تەنانەت لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ساسانییەکانیشدا، دینی زەردەشت و کلتوری ئاڤێستایی لە زۆربەی ناوچەکانی ژێر فەرمانڕەوایەتی ساسانییەکاندا بە ئاشکرا دەبینرا؛ بەم شێوەیە مۆسیقاو گۆرانی کوردی تاوەکو پێش هاتنی ئایینی ئیسلام، بایەخێکی زۆری پێدەدرا و بە پیرۆز سەیردەکرا، بەڵام لەدوای هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ کوردستان، هەرچی مۆسیقاو کلتوری کوردی هەیە وێران دەکرێت، ڕیتمی ژیانی تایبەتی نەتەوەی عەرەب و موزیکی عەرەبی بەسەر کورددا دەسەپێنرێت، ئیسلام چەند ئامێرێکی مۆسیقای تازەو جیاوازی خۆی فەرزکردە سەر ناوەندە مۆسیقاییە کوردییەکان؛ لەهەمانکاتیشدا سودی لە ئامێرە مۆسیقاییە کوردییەکان بینی و مۆری نەتەوەیی (عەرەبی) لکاندە سەر کوردییەکانەوە.(پیرباڵ، 2010: 9)

**قۆناغی سێیەم: مۆسیقای لیریك:** لە کوردستاندا ئەم قۆناغە تازەیەی لیریك لە مۆسیقاو گۆرانی کوردیدا زۆرجار یەکانگیرە بە هەستێکی نۆستالیژیانەی نەتەوەباوەڕی و نیشتیمانپەروەری، بۆنمونە: لای (کاوێس ئاغا)، بۆیەش دەبینین لەو سەردەمەدا ژانرێکی مۆسیقای تازەش سەرهەڵدەدا: سرود کە ژانرێکی مۆسیقایی سەدەی بیستەمەو تەعبیر لە هەستی نیشتیمانپەروەری، یان نەتەوەپارێزی دەکات، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم بەملاوە ئەم ڕەوتە هێندە پەرەیسەندو بڵاوبوەوە، تاوای لێهات هەر دەوڵەتێکی ڕۆژهەڵات سرودێکی نیشتیمانی خۆی هەبێت؛ سەرهەڵدانی سرود لەناو کولتوری کورد لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بەهۆی کاریگەری سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە لەڕێگەی ئەو نوسەرانەوە هاتە ناو کولتوری کوردەوە، کە چوبون لە ئەستەمبۆڵ ژیابون و دیبویان لەوێش هونەرمەندانی تورك، ئەرمەن، عەرەب بەهۆی مۆسیقاو گۆرانییەوە دەتوانن نیشتمان و نەتەوەی خۆیان شیرین بکەن؛ زێوەرو پیرەمێرد نمونەی ئەو جۆرە نوسەرانەن، کاتێ لە ئەستەمبۆڵەوە گەڕانەوە، سرودیان هێنایە ناو کولتوری کوردەوە، پاشان گەیشتە بەختیار زێوەرو بێکەس، لە ساڵانی سییەکانیشدا دڵداری شاعیر هات سرودی نەتەوەیی (ئەی ڕەقیب)ی نوسی، کە تا ئەمڕۆ مارشی نەتەوەییمانە، لەم سەردەمە بەملاوە مۆسیقا وردە وردە لەمە دەوەستێ کە چیتر لە مەزهەب و لە سەرچاوەی دینییەوە ئاو بخواتەوە.(پیرباڵ، 2010: 28)

کەواتە مێژوی سرودو گۆرانی کوردیی مێژویەکی کۆن و دورو درێژی هەیە، ئەوەی پەیوەستە بە ئایینەکانەوە، لەناو پەرستگەو ئاتەشگەکاندا خوێنراون و پێیان گوتون: سرود، ئەوەشی لە دەرەوەی چوارچێوە ئایینییەکان گوتراون پێیان وتون: گۆرانی یاخود ستران، هەروەك (محەمەد حەمە باقی) دەڵێت: هەر لە ناوچە نزیکەکانی خێڵی (گۆران)ەوە واژەی

گۆرانی بەکار دەهێنرێت، ئەگینا تائێستاش لە سەرتاسەری کوردستانی باکوردا، لەبری واژەی گۆرانی، دەڵێن: ستران، یان لاوژە، تەنانەت پەیرەوانی ئەهلی هەق خۆشیان ئەم واژەیە بەکار ناهێنن، بەڵکە پێێ دەڵێن: سرود. (باقی، 2002: 44).

## 2- سرود و گۆرانی منداڵان:

لە بەشی یەکەمدا بە شێوەیەکی گشتی باسمان لە چەمك و پێناسەی سرودو گۆرانی کرد، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە لێکۆڵینەوەکەی ئێمەوە سرودو گۆرانی منداڵانە، بۆیە لەم بەشەدا باس لە سرودو گۆرانی منداڵان دەکەین، بەتایبەت ئەو سرودو گۆرانیيانەی دەکەونە چوارچێوەی ئەدەبی منداڵان و بۆ منداڵان نوسراون.

### 1-2 سرودی منداڵان:

لە ئەدەبی کوردیدا و لەگەڵ سەرهەڵدانی سروددا، زۆر جار سرودی گەوران و سرودی منداڵان تێکەڵ بە یەکتری بونەو بگرە زۆربەی سرودەکان لەلایەن هەمو چین و توێژەکانەوە پێشوازییان لێکراوە، زۆربەی ئەم سرودانە بۆ بۆنەیەك یان ڕوداو گۆڕانکارییەکی سیاسی وتراون، بەڵام بەهۆی ئەوەی میللەتی کورد بەشێوەیەکی گشتی خاوەنی یەك دۆزو یەك کێشەیە، ئەویش نەبونی وڵاتێکی سەربەخۆو چەوسانەوەی میللەتی کوردە لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە، بۆیە ژینگەی قوتابخانەکان وتنەوەی ئەم سرودانە لە لایەن منداڵان و قوتابییانەوە باشترین دەرفەت بوە بۆ دەربڕینی هەستی قوتابیان، لەوێشەوە گۆشدانیان بە بەها نەتەوەییەکان و خۆشویستنی نیشتیمان، ((سرود بەمانای گۆرانی نیشتیمانی کە لە قوتابخانەکانی کوردستانی باشوردا سەریهەڵدا شتێکی کتوپڕی وا نەبو خەڵك لە ئاستیدا هەڵوەستە بکەن، بەڵکو بەئاسانی لەناو دڵ و دەرونی هەمو منداڵاندا جێی خۆی کردەوەو لە بەرگێکی نیشتیمانپەروەرانەدا خۆی ناساند)). (هەورامی، 2007: 129).

کەواتە: سرودی منداڵان ئەو هۆنراوانەن کە لە ڕوی ڕوخسارەوە سادەو ڕەوانن و منداڵان دەتوانن بە ئاسانی بیڵێنەوەو لەبەری بکەن، لەڕوی ناوەرۆکیشەوە باس لە خۆشەویستی نیشتیمان، نەتەوە، تەبایی، دڵسۆی، یەکتر قبوڵکردن و ... هتد دەکەنەوە.

### 2-2 گۆرانی منداڵان:

ئەو ئاوازە سادەو سوکانەن، کە منداڵان بۆ یارییەکانی خۆیان، کە هەڵبەستی تایبەتییان هەیە دایان ناوە، هەروەك چۆن هەڵبەستەکان سادە و سانان، ئاوازی گۆرانییەکانیش سادە و ساکارن و تەنیا لە چەند نەغمەیەك پێکهاتون. (شاربازێڕی، 1985: 77)، یان: (گۆرانییەکی سادەیە، لە وشەی سادەو ئاسان پێکدێت و هەڵگری پەیامێکە، منداڵان بە ئاوازێکی ئاسان دەیڵێنەوە، یان بۆیان دەوترێت بە مەبەستی خۆشباری). (وهبة، 1984: 411).

لە خستنەڕوی پێناسەی سرودو گۆرانی منداڵاندا، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوەی سرودو گۆرانی لە یەکتری جیادەکاتەوە ئەوەیە کە سرود زیاتر هەڵگری پەیامێکی نەتەوەیی و نیشتیمانییەو بەمەبەستی هاندان و ئاراستەکردنی منداڵە بۆ خۆشویستنی نیشتیمان و نەتەوە، بەڵام گۆرانی منداڵان زیاتر بۆ یاری و خۆشباری منداڵانە، لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانرێت لەڕێگەی گۆرانییەوە بەها بەرزەکانی کۆمەڵگەو مرۆڤایەتی و چەندین بەهای دیکە لەناخی منداڵاندا جێگیر بکرێن.

## 3-2 جیاوازی نێوان سرودو گۆرانی

سرودو گۆرانی منداڵان بەراورد بە سرود و گۆرانی گەوران جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، بە تایبەت لە ڕوی تەکنیك و ڕوخسار و ئاوازەوە، بەڵام لەڕوی ناوەڕۆکەوە، ئەگەر ناوەڕۆکی هۆنراوەکان تایبەت بە نەتەوە و نیشتمان بێت و بە حەماسەت و گوڕ و تینەوە بگوترێت، ئەوا بە سرود ناودەبرێت، بە تایبەت لە قوتابخانەکاندا، بەڵام لەچەند ڕویەکیشەوە لەیەکتری جیاوازن، بۆ نمونە، مامۆستا (حەمەکەریم هەورامی) لەچەند خاڵێکدا بەراوردی نێوان سرودو گۆرانی کردوە، کە ئەمانەن:

1- گۆرانی و سرود بە تاك و بە کۆمەڵ و لەسەر شێوەی کۆرسیش دەبن، بەڵام مەبەست لە گۆرانیدا وروژاندنی سۆزی دەرون و ئەڤین و دڵدارییە، کەچی مەبەست لە سروددا وروژاندنی حەماسەت و ئیرەت و گڕدانی هەستی نەتەوایەتی و نیشتیمانپەروەرییە.

2- سرودی کوردی لەوکاتەوەی سەریهەڵداوە تا ئەمڕۆش بۆ گەشەکردنی گیانی نیشتیمانپەروەری و ئاگادارکردن و وریاکردنەوەی خەڵکە، بۆ ئەوەی خەواڵو نەبن و دژ بە داگیرکەرو ستەمکار ڕاوەستن، یان بۆ فێرکردنی گیانی کوردایەتییە، کەچی گۆرانی بۆ تاودانی خۆشەویستی و جیهانبینییە، هەردوکیان لەگەڵ ژەنینی مۆسیقاو بێ مۆسیقا دەبن، بەڵام مۆسیقای سرود حەماسەتی تێدایە.

3- گەلێ لە سرودەکان بۆنەوکاتی تایبەتی خۆیان هەیە، گوتنیان لەوکاتانەدا زیاتر دڵی بیسەران دەخەنە جۆش و خرۆش، وەك: سرودی (ئەی ڕەقیب)ی دڵدار، لە کاتی تەنگانەو هەستکردن بە داگیرکردنی نیشتیمان و ڕوبەڕوبونەوەی دوژمندا کاریگەرە، بەڵام سرودی (نەورۆز)ی پیرەمێرد، لە ڕۆژی جەژنی نەورۆزدا کاریگەرترە، کەچی گۆرانی هەمو دەم لەسەر زارەو ئەوەندە پەیوەندی بە کات و ساتی تایبەتەوە نییە.

4- هۆنراوەی سرود گەلێ جار ناوبەندی هەیەو کۆپلە کۆپلەیە، بابەتی سەرەکی سرود لە کۆپلەی یەکەمدا کۆدەبێتەوە، دوای هەر کۆپلەیەك دوبارە دەکرێتەوە، کەچی هۆنراوەی گۆرانی وا نییەو سەربەخۆیەو هەندێ جاریش پەرش و بڵاوەو تایبەتە بە شایی و زەماوەند و کاتی خۆشی و کاتبەسەربەردن.

5- سرود پتر پەیوەندی بە قوتابخانەوە هەیە، بەتایبەتی قوتابخانەی سەرەتایی، کەچی گۆرانی شوێنی تایبەتی سەرهەڵدان و سەقامگیربونی دیار نییە.

6- گۆرانی مێژویەکی دورو درێژی هەیەو لەگەڵ پەیدابونی زماندا هاتوەتە ئاراوە، کەچی سرود بە گشتی لەگەڵ پەیدابونی ئایینەکاندا هاتوە.

7- منداڵ بەشێوەیەکی لاوەکی فێری گۆرانی دەبێت، زۆر جار پێویستی بە فێربونی ڕاستەوخۆ نییە، کەچی سروددا وانییە. (هەورامی، 2007، 169)

## 3- مێژوی سەرهەڵدانی سرودو گۆرانی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا

ئەوەی پەیوەســـتە بە ســـەرهەڵدانی سرودو گۆرانی منداڵانەوە، وەك هەر زانســـتێكی دیكەی مرۆڤایەتی، مێژویەكی تا ڕاددەیەك نارون و كۆنی هەیە، بۆیە بەپێویستی دەزانین بە دو قۆناغ باسی بكەین، ئەوانیش:

## 1-3 سرود و گۆرانی منداڵان لە ئەدەبی فۆلكلۆردا.

ئەم قۆنـاغەی سرودو گۆرانی منـداڵان، بە ئەدەبی میللی و فۆلكلۆری نـاو دەبرێـت، چونكە خـاوەنەكەی خەڵـك و میللەتەكە خۆیەتی و بەشێوەیەكی سەرزارەكی لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر گواستراوەتەوە.

یەكێك لە كۆنترین ئەو بەرهەمانەی كە لە فۆلكلۆرەوە بۆمان ماوەتەوە، لایلایەی دایكانە بۆ منداڵانی ســـاوا، ((لایلایە بەشێكی گرنگە لە ئەدەبی منداڵان و لە كەلەپوری فۆلكلۆری هەر گەلێك، هەرگەلێكیش تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام هەمو دایكان لە هەمو جیهاندا، لە سۆز و خۆشـەویسـتی و دڵسـۆزی و میهرەبانیدا وەكو یەك وان.. ئەم خۆشـەویسـتی و ســـۆزەش ڕەمەكین لە لای دایكانی مرۆڤ و لە لای دایكانی هەمو گیانەوەرانی تر.)) (شـــوان، 2019: 57)، هەرچەندە هەنـدێك لە توێژەران پێیان وایە لایلایەی منداڵان ناچێتە ناو خـانەی گۆرانی منـداڵان، لەبەرئەوەی ناوەڕۆك و بابەتی لایلایە، دەربڕی ناخ و هەســـت و ســـۆزی دایكانەو زۆرجـاریش ئێش و ئازارەكانیان تێكەڵ بەم لایلایە دەكەن، بەڵام ((لەڕاسـتیدا دەنگی ناسـكی مۆسـیقادار گەلێ كاریگەری لە بزواندنی هەسـتە سـاواو ناسـكەكانی ئەو سـاوایانەی ناو لانك هەیە، لەوێوە ناســـكی و نەزاكەتی منداڵان دەســـت پێدەكات.)) (هەورامی،2007: 122)، كەواتە لایلایەی دایكان بۆ منداڵەكانیان، كاریگەرییەكی تەواوی لەســەر هەســت و ســۆزو ناخی منداڵدا هەیەو پێویســتە لە خانەی گۆرانی منداڵاندا ئاماژەی پێ بكرێت.

نمونەیەك لە لایلایە

**ڕۆڵە شیرینەكەم لای لای**

**بەرخەكەم لای لای**

**لای لای شیرینت بۆ دەكەم**

**ڕۆڵە شیرینەكەم لای لای**

* * *

**غەریبە دەربەدەرەكەم، بە لانكتەوە**

**لە دەورت دەگەڕێم بە باوكتەوە**

**ژیر بەوە ڕۆڵەی ژیر و جوانم**

**ئارام كەرەوەی دڵی بریانم (شوان، 2019: 140)،**

* * *

بەشـێكی دیكە لەو بەرهەمە فۆلكلۆریانەی پەیوەندییان بە ژیانی مندڵانەوە هەبوەو چێژیان بە منداڵان بەخشـیوە، ئەو یارییە فۆلكلۆرییە كوردەوارییانە بون كە لەگەڵیدا گۆرانییان دەوتەوەو جوڵەشیان لەگەڵ كردوە، لێرەدا كاتێك منداڵان ئەم

یارییانەیان ئەنجامدەدا، لەگەڵیدا چەند هۆنراوەیەکیان بەچەند ئاوازێکی جیاواز دەوتەوە، جا چ بەشــێوەی کۆمەڵ، یان دو گروپ بەرامبەر یەکتری گۆرانییەکەیان تەواو دەکرد، ئەمەش ڕۆحی هاوکاری و هەرەوەزی لای منداڵ دروست دەکرد و هەســـتییان بە ئاســـودەیی دەکرد، شـــێوازی وتنی ئەو گۆرانییانەش لەگەڵ یارییەکاندا بە گوێرەی ناوچەکان کەمێك جیاوازییان هەیە، یەکێك لەو یارییانە کەلە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان باوبوە (بوکە بە بارانە)یە.

**بوکە بە بارانە　　بارانی بن دەغڵانە**

**یاخوا بکاتە باران　　بۆ فەقیر و هەژاران (هەورامی، 2007: 118)**

یەکێکی دی لە یارییە بەناوبانگەکانی منداڵان کە گۆرانی لەگەڵ دەوترایەوە (هۆ ڕێوی ڕێوی)یە، کە منداڵان پێکەوە دادەنیشن و دەڵێن:

**هۆ ڕێوی ڕێوی　　هێ هێ**
**ڕێوی بێ ئیمان　　هێ هێ**
**شەریکی شەیتان　　هێ هێ**
**قەلە سمۆرە　　هێ هێ ..... (جەمال، 2007: 72)**

گۆرانی (شەوبەرات)یش یەکێکە لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان، کە منداڵانی کورد دوای ڕۆژئاوابون دەڵێن:

**شەوە شەوی بەراتێ　　خوا دو کوڕ و کچێکتان بداتێ**

**خاتونی سەر بەزێڕی　　دەست لە کەندوان بگێڕی**

**بەشی منداڵان بنێری (شوان، 2018: 59)**

ستراێ (هەڤال هەڤالوشکێ)، یەکێکە لەو گۆرانییانەی لە دەڤەری بادینان لەناو منداڵاندا بڵاوە، کاتێك منداڵان دەست لە ملی یەکتر دەکەن و بەناو کۆڵانەکاندا دەسوڕێنەوە و دەڵێن:

**هەڤال هەڤالوشکێ　　نان و پەنیروشکێ**

**هەڤالێ من شڤانە　　گۆپالێ وی پانە**

**بۆ گورگا دەرمانە (جعفر، 2005: 81)**

ئەم یارییانەو چەندین یاری دیکەی فۆلکلۆری منداڵان هەن، منداڵان لەگەڵیدا گۆرانی دەڵێنەوەو چێژی لێ وەردەگرن، وەك: هەللور بەللور تەکامە، حل حللی بل بللی، خاڵخاڵۆکە، یان گۆرانی بەرەجەژنان کە منداڵان بە کۆڕس دەڵێن: (عالففەیە، لفلففەیە، ئەوەی دەخوا ....)، هەرچەندە هەندێك لەو یاری و گۆرانییانە لە بنەڕەتدا هی گەوران بن، بەڵام چەندە سەربە ئەدەبی فۆلکلۆری گەورە ساڵانن، هێندەش، بگرە زیاتریش سیمای فۆلکلۆری ئەدەبی منداڵانیان پێوە دیارە. (قادر، 2023: 58)

ئەم گۆرانییە فۆلکلۆری و میللییانەی منداڵان، هەر یەکەیان بە ئاوازێك و بە شێوازێکی تایبەتی گوتراون، منداڵانیش بە کۆمەڵ یاخود بە گروپ چڕیویانە، ئەمەش وای کردوە بە شێوەیەك لە شێوەکان کاریگەری لەسەر هەست و هۆش و

ئاكاری منداڵ دروســـت بكات، منداڵان ڕۆحی هەرەوەزی و كاری بە كۆمەڵیان تێدا دروســـت دەبێت، وایان لێدەكات بیر لەو ڕوداو و دیاردانە بكەنەوە كە ناوەڕۆكی گۆرانییەكەیان پێكهێناوە، بۆ نمونە: گۆرانی (بوكە بە بارانە)، ناوەڕۆكەكەی نزا و پاڕانەوەیە لەخودا بۆ بارینی باران، بارانیش ســـەرچاوەی دەغڵ و دان و خۆراكی مرۆڤە، یان لە گۆرانی (شـــەوبەرات)، وا لەمنداڵ دەكات بیربكاتەوە (شـــەوبەرات) چییە؟ كامە شـــەوە؟ بۆچی دەوترێت؟...، بۆیە ئەم بەرهەمانە دەچنە خانەی گۆرانی فۆلكلۆری منداڵان، بەڵام ڕاستەوخۆ بەشێك نین لە ئەدەبی منداڵان، چونكە زۆرجار هۆنراوەكانیان نەشیاون بۆ منـداڵان، یـان دەتوانین بڵێین: ڕەچـاوی لایەنی پەروەردەیی منـداڵان نەكراوەو لە دەرەوەی نـاوەنـدە پەروەردەییەكان هاتونەتە ناو جیهانی منداڵان.

## 2-3 سرود و گۆرانی منداڵان لە ئەدەبی نوسراودا.

دەركەوتن و ســـەرهەڵدانی ئەم قۆناغە دەگەڕێتەوە بۆ ســـەرەتای ســـەدەی بیســـتەم، ئەویش لەژێر كاریگەری ئەو گۆڕانكارییانەی لە ڕوی ســـیاسی، كۆمەڵایەتی، ڕۆشـــنبیری، ئابوری و چەندین لایەنی تر هاتەكایەوە، لێرەدا بەپێویســـتی دەزانین كەمێك تیشـــك بخەینە ســـەر ئەو هۆكارانەی كە بونەتە هۆی ســـەرهەڵدانی قۆناغێكی نوێ لە ئەدەبی كوردیداو لەوێشەوە سەرهەڵدانی سرودی نەتەوەیی بەگشتی و سرودو گۆرانی منداڵان لە چوارچێوەی ئەدەبی كوردیدا.

یەكێك لەو هۆكارانەی كە كاریگەرییەكی تەواوی لەســـەر نوێكردنەوەی شـــیعرو ئەدەبیاتی كوردیدا هەبو، ئەو شـــاعیرو ئەدیبانە بون كە كەوتبونە ژێر كاریگەری ئەدەبیاتی توركی، جا چ ئەوانەی خۆیان ســـەردانی توركیایان كردبو چ ئەوانەی شـــارەزاییان لە ئەدەبی توركیدا هەبوە، زێوەرو پیرەمێرد یەكێك بون لەو شـــاعیرانەی ســـەردانی توركیایان كردوەو ئەو ئەزمونەی لەوێ بەدەســـتیان هێناوە، لە خزمەت ئەدەبی كوردیدا بەكاریان هێناوەتەوە، بۆ نمونە: شـــیعری منداڵانیان نوســـیوەو لەســـەر ئاوازی توركی و عەرەبی كردویانن بە سرودو گۆرانی بۆ منداڵان، (د. فەرهاد پیرباڵ) لەم بارەوە دەڵێت: ((سرود لە قۆناغی یەكەمی سەرهەڵدانیدا وەك لاساییكردنەوەی سرودە توركییەكانی سەردەمی عوسمانی هاتەئارا، چونكە بۆنمونە قوتابخانەی ڕوشدیەی عەسكەری لە سلێمانی تاسەرەتای ساڵانی بیستەكانیش هەمو بەیانیان سرودی توركیان دەخوێندەوە، ئیدی شـــاعیرانی كوردی ئەو ســـەردەمە لە ئەدەبی توركی و نەریتی عوســـمانییەكانەوە فێری سرود بون، بەتایبەتی عبداللە زێوەر كە یەكێكە لەو شاعیرانەی دەسپێشخەر بوە لە داهێنان و پەرەپێدانی سروددا)). (پیرباڵ، 2005: 87)، هەروەها (د. هیمداد حوسێن)یش سـەبارەت بەم قۆناغە دەڵێت: ((دوا بەدوای جەنگی یەكەمی جیهانی، سـەرەتاو خاڵی وەرچەرخان بەرەو قۆناغێكی نوێ لە شـــیعری كوردیدا دەســـتی پێكرد، ئەمەش لەڕێگەی خوێندنەوەی ئەدەبیاتی تـازەی توركەوە، كە ئەوانیش لەو ڕۆژگـارەدا بەهۆی كـاریگەری ڕێبـازە ئەدەبییەكـانی ڕۆژئـاوا لە هەوڵی نوێبونەوەو تازەكردنەوەدا بون)).(حوسێن، 2020: 422)

یەكێكی تر لەو هۆكارانەی كە كاریگەری لەســـەر ســـەرهەڵدانی سروددا هەبو، كردنەوەی قوتابخانە بو بەڕوی منداڵان و قوتابییاندا، لەبەرئەوەی قوتابخانە باشـــترین ژینگەیە بۆ گەشـــەكردن و وتنەوەی سرود بۆ منداڵان، هەروەها یەكێك لە خاســـییەتەكانی سرود ئەوەیە كە زیاتر بە كۆمەڵ دەوترێت، قوتابخانەش شـــوێنی كۆبونەوەی قوتابییان و منداڵانە، جا لێرەدا ئەگەر سرودەكە لەلایەن مامۆســـتایانەوە نوسرابێت، یان ئامادەكرابێت، ئەوا قوتابخانە دەبێتە ئەو شـــوێنەی كە سرود تێیدا لەدایك دەبێت و گەشـە دەكات، زێوەرو بێكەس لە نمونەی ئەو شـاعیرانەن كە مامۆسـتا بون و سرودیان بۆ قوتـابیـان دانـاوە، (حەمەكەریم هەورامی) دەڵێت: ((ئیـدی بۆ دڵخۆشـــكردنی قوتـابییـان و چـانـدنی گیـانی هونەری و

تاڕاددەیەکیش بۆ یادکردنەوەی بۆنەکان و گوزەراندنی کات لە قوتابخانەکاندا بەسەردەستی هەندێ لە مامۆستاکاندا لە ناوچەی سلێمانی سرود پەرەی سەند، ئەو شیعرو هەڵبەستە ناسکانە کە بۆ سرود دەستیان دەدا مامۆستاکان خۆیان ئاوازیان بۆ دادەنان و بڵاویان دەکردنەوە)).(هەورامی، 2005: 179).

ئەم دو هۆکارەی سەرەوە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر سەرهەڵدانی سرودو گۆرانی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا هەبو، جگە لەم دو هۆکارە، چەند هۆکارێکی تریش هەبون کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەبو لەسەر ئەم قۆناغە نوێیەی ئەدەبی کوردی، لەوانە: ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی کە لە کوردستان و دەوروبەریدا ڕویاندا، دروستبونی چەندین کۆمەڵەو ڕێکخراوی سیاسی و نەتەوەیی، هەڵگیرساندنی شۆڕش و ڕاپەڕینە کوردییەکان، دەرچونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی و دواتر ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ترو دروستبونی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانی لە دوای نەمانی دەوڵەتی عوسمانی.(حوسێن، 2020، 423).

لێرەدا سرود جگە لە چوارچێوە ئاینییەکەی، زیاترو بەهێزتر لە چوارچێوەی بابەتە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان خۆی دەبینێتەوەو لەوێشەوە لەڕێگای قوتابخانەکانەوە خۆی دەخزێنێتە ناو جیهانی منداڵانی کورد، ئەمەش لە سەر دەستی ئەو مامۆستایانەی لە سەرەتادا لە قوتابخانەکان وانەیان بە قوتابییانی کورد دەوتەوەو لە هەمانکاتدا شاعیرو نوسەریش بون، یاخود بەشێوەیەك لە شێوەکان شارەزاییان لە ئەدەبی کوردی و ئەدەبی وڵاتانی دەوروبەر هەبوەو لەوێشەوە ئەم ئەزمونەیان گواستۆتەوە بۆ ناو بواری ئەدەب و هونەری کوردی.

(د. نەوزاد عەلی ئەحمەد) ئەم قۆناغەی ئەدەبی منداڵانی بە قۆناغی سرود ناوبردوە، ((چونکە ئەو شیعرەی بۆ منداڵان دادەنران پێشەکی بیری ئەوەی لێ دەکرایەوە کە بەشێوەی سرود لە قوتابخانەکان قوتابییان بیانڵێنەوە، هەروەها زۆرجار واکەوتۆتەوە گەورەکانیش سرودەکانیان لەبەردەرکرد و دەیانوتەوە)). (ئەحمەد، 2007: 20)، هەروەها یەکێك لە خاسیەتەکانی سرودی نەتەوەیی کوردی لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا ئەوەبو کە زۆربەی سرودەکان، چ ئەوانەی بۆ منداڵان نوسراون، یان ئەوانەی بۆ گەوران نوسراون، وەکو یەك بەناو جیهانی هەردو چینەکەدا بڵاوبۆتەوەو پێشوازی لێکراوە، (حەمەکەریم هەورامی) لەمبارەوە دەڵێت: ((هەر ئەو سرودانە کە لە سەرەتای سەرهەڵدانی سرودەوە سەریانهەڵدا، لەبەر ڕەسەنایەتی و کاریگەرییان و هامسازییان لەگەڵ هەست و سۆزی خەڵکدا پێکرا وەکویەك هۆشی گەورەو بچوکی دەبزواندو دەرونیانی دەهێنایە جۆش و خرۆش، ئەگەر بۆ گەوران بوبێ منداڵانیش وەك ئەوان سودیان لێ وەردەگرت، یان ئەگەر بۆ منداڵان دانرابێ گەورە کەسانیش ئارەزوی بیستن و گوتنەوەیان بۆ کراوەتەوە، لە بۆنەکانیشدا ئاهەنگیان پێگێڕاون و تاسەو تینوی خۆیان پێ شکاندون)). (هەورامی، 2007: 134).

(ڕەفیق حیلمی) لە یاداشتەکانی خۆیدا لەبارەی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانەوە دەڵێت: ((ئەندامانی مەجلیسی- میللی لەناوەڕاستی حەوشی مزگەوت لەجێی حەوزەکەی ئیمڕۆدا بەریزەوە لەسەر کورسی دانیشتبون، قوتابیانی مەکتەبەکان لەبەردەمی ئەوانا ڕیزیان بەستبو، بە ئاوازێکی شیرینی دڵڕفێن کچ و کوڕ پێکەوە گۆرانی میللیان ئەخوێند، ... ئینجا لەگەڵ گۆرانی تایبەتی قوتابیان و دەنگی مۆزیقەی عەسکەر ئاڵای کوردستانی بەڕێز وردەوردە بەرز بۆوەو هەڵکرا)) (حیلمی، 2003: 320)، ئەوەی لەم یاداشتەی ڕەفیق حیلمییەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەوەیە کە لە ساڵی (1922)ز، گۆرانی تایبەت بە قوتابییان هەبوەو گوتراوە، هەرچەندە ئاماژە بەوە نەکراوە کە ئەم گۆرانییە کامە گۆرانی بوەو بە چ ئاوازێك گوتراوەو کێ دایناوە، بەڵام لە بەشێکی دیکەی یاداشتەکانیدا لەبارەی پێشوازیکردن لە گەڕانەوەی شێخ مەحمودی نەمر

باس لەو بارودۆخەی بەر لە گەڕانەوەی شــێخ مەحمود دەکات و دەڵێت: ((هەندێ لە زابتە کوردەکان لەم ماوەی چاوەڕوانییەدا لەناو خەڵقا و بەتایبەتی لەناو لاوەکانا هەستێکی بەتینی قەومی و نیشتمانییان بڵاوکردەوە، ئێمەش دەستەی مامۆستاکان و لەناو خۆمان و قوتابییەکانا چیمان پێکرا کردمان.. (گۆرانی بەپیرەوە چون = نەشیدی ئیستیقبال) لەلایەن مامۆستای بەڕێزو نیشتمانپەروەر (مامۆستا زێوەر)ەوە ڕێکخراو فێری دەستەی گۆرانی قوتابییە دەنگ خۆشەکان کرا، هێشــتا شــێخ مەحمود لە بەغدا بو کە ئەم گۆرانییە جارجارە لە ناوچەکەی بەردەمی دەبۆو قوتابخانەکەی نمونەی سەعادەت ئەیانخوێندەوە، هیچ جارێ نەبو فرمێسکی شادی بەچاوی زابتەکان و لاوەکانا نەهێنێتە خوارەوە)) (حیلمی، 2003: 324)؛ مامۆســتا (عەبدولواحید ئیدریس شــەریف)یش لە ماســتەر نامەکەیدا ئەم سرودەی (نەشــیدی ئیستیقبال)ی بە یەکەم سرودی کوردی لە سلێمانیدا داناوە. (شەریف، 2008: 28)، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە نە لە دیوانەکەی زێوەردا، نە لە هیچ سەرچاوەیەکی تر دەقی ئەم سرودە و شێوازی وتنی ئەم سرودەمان دەست نەکەوتوە، بۆیە ناتوانین بیســەلمێنین کە ئەمە یەکەم سرودی کوردییە، یاخود یەکەم سرودی قوتابییانە، هەروەها (حەمەکەریم هەورامی) پێیوایە: لە ســییەکانی ســەدەی ڕابردو سرود بە مانای ئاوازو گۆرانی نیشــتمانی لە قوتابخانەدا بۆ یەکەمجار لەسەر دەستی زێوەر بەم بەیتانەی خوارەوە سەریهەڵدا..

**وەتەنی من کوردستانە یادگاری ئەجدادمانە**

**بەهەشتی ڕوی سەر زەمینە خاکی پاکی کوردستانە (هەورامی، 2007: 130).**

بەڵام ئەوەی ئێمە دەستمان کەوتوە و پێمان وایە بە یەکەم سرودی کوردی دادەنرێت، دەقی سرودی (ئەی وەتەن چەند خۆشەویستی) زێوەرە، کە لە ساڵی (1922) نوسیویەتی و لەسەر وەزنی (نحن لم نخلق) ی عەرەبییەوە وتراوە، ئەویش بەم بەڵگانەی خوارەوە:

1- لە دیوانەکەی زێوەردا ئاماژە بەوە کراوە کە مامۆســتا زێوەر ئەم شــیعرەی ســاڵی 1922ی ز گوتوە.(زێوەر، 2003: 173)

2- لە ساڵی 1925ی ز نامیلکەیەك بە ناوی (گۆرانی کوردی)، لەسەر ئەرکی مەتەسەریف و موفەتیشی ئیداری لە چاپ دراوە، لە لاپەڕە (6)دا ئەم شــیعرە نوسراوە و ئاماژە بەوە کراوە کە لەســەر وەزنی (نحن لم نخلق) گوتراوە، (بەبێ ناو، 1924: 6).

3- بە هەمان شــێوە لە کتێبی (گۆرانی) لە نوســینی کوردی و مەریوانی، ئەم شــیعرە وەکو گۆرانی نوسراوە و ئاماژە بەوە کراوە کە لەسەر وەزنی (نحن لم نخلق) وتراوە.

**ئەی وەتەن چەند خۆشەویستی ڕۆحی شیرینی منی**

**مەزرەعەی توخمی نیشات و باعیسی ژینی منی**

**بێت و گەر من کۆهکەن بم وەصلی شیرینم بێ**

**تیشەیێ نادەم لە بەردت تۆی کە شیرینی منی** (مەریوانی، 1932: 10)

4- لەناميلكەى (سرودى كوردى بۆ قوتابيان) وەكو سرود ئاماژەى پێكراوە و هەندێك دەســـتكارى هۆنراوەكەى كراوە، بۆئەوەى لەسەر زارى منداڵان ئاسان بێت، (خەزنەدار، 1959: 36).

5- لەبەرئەوەى زێوەر خۆى مامۆستا بوە و زۆربەى ئەو شيعرانەى بۆ سرود نوسيويەتى بۆ قوتابييانى قوتابخانە بوە، بۆيە ئەم سرودە تێكەڵ بە دنياى قوتابييان و منداڵان بوە و ئەمانيش لەبەريان كردوە و وتويانەتەوە.

كەواتە لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت لە ســـاڵى (1922) يەكەم سرود بۆ قوتابييان نوسراوە، هەروەها زێوەر(1875-1948)ز يەكەم شـاعير بوە سرودى بۆ قوتابييان داناوە، ئەگەر سـەيرێكى شـيعرەكە بكەين، شـيعرەكە (7) بەيتە و بۆ منداڵان ئاســـان نييە، لەســـەر كێشىـ عەروزى عەرەبى نوسراوە و زۆر وشـــەى قورسى تێدايە كە واتاكەى بۆ منداڵان زەحمەتە، بەڵام لەبەر ئەوەى كێشـەى خاك، نەتەوە، زمان و نيشـتمان كێشـەى هەمو چينەكانى كۆمەڵگاى كوردى بوە و بەو هۆيەشەوە كاريگەرى كردوەتە سەر منداڵ و نەيتوانيوە لە قۆناغى منداڵى خۆيدا وەكو منداڵێكى ئاسايى گوزارشت لە هەسـت و داخوازييەكانى خۆى بكات، بەم هۆيەشــەوە بە ناچارى ئەو سرود و گۆرانييە نيشـتيمانييانەى كە دەگوتران، منداڵانيش وەك گەورەكەســان هەســتى نيشــتمانييان تێكەڵ بە هەســتى نيشــتمانى گەوران كردوە و ئەم سرودانەيان وەرگرتون، بۆيە بمانەوێت يا نەمانەوێت، ئەم سرودانە چونەتە نێو دنياى منداڵان و كاريگەرى خۆيان جێهێشتوە.

لە دواى زێوەر چەندين شـــاعيرى ديكەيش سرودو گۆرانييان بۆ منداڵان نوســـيوەو پەرەيان پێ داوە، لەوانە: بێكەس، دڵدار، پيرەمێرد، گۆران، بەختيار زێوەرو تا دەگاتە ساڵانى شەستەكان كە لەوێوە قۆناغێكى ديكە لە سرودو گۆرانى منداڵان دەستپێدەكات و چەندين شاعيرى دى دەستيانكرد بە دانانى سرود و گۆرانى بۆ منداڵان و تا ساڵانى (1991)ز بەردەوام دەبێت، لێرەدا بە كورتى لە بارەيانەوە دەدوێين.

يەكەم شـــاعير كە سرودى بۆ منداڵان نوســـيوە زێوەرە (1875-1948ز)، ئەگەر ســـەيرێكى ديوانەكەى زێوەر بكەين، دەبينين لە بەشى سرودو گۆرانييە نيشـــتمانييەكان، چەندين سرودو گۆرانى منداڵانى تێدايە، بۆ نمونە ئەم سرودەى زێوەر لە ديوانەكەى زێوەردا بە گۆرانى (وەتەنى من كوردستانە) هاتوە، ئاوازەكەى لەسەر كێشى (طونة نەهرى) وەرگيراوە.

**وەتەنى من كوردستانە، يادگارى ئەجدادمانە**

**بەهەشتى ڕوى سەرزەمينە، خاكى پاكى كوردستانە**

**با هەمومان وەك برا بين ڕەفيقى دين و دنيا بين**

**با لە وەحشەت تەوەللا بين نۆبەتى عيلم و عيرفانە**

**كورد ميللەتێكى ناسراوە، لە مەعاريف بەجێ ماوە**

**ڕۆژى سەعى و تێكۆشينە، بۆ ئەو كەسەى كورد زمانە**

**كورد ميللەتێكى قەديمە، ساحێى تەبعى سەليمە**

**شاهيدى ئەم موددەعايە، (صەڵاحەددين)ى سوڵتانە (زێوەر، 2003: 174)**

ئەم سرودە،یان گۆرانییە، زۆر درێژ نییە منداڵ لێی بێزار بێت، هەم کێش و ئاوازەکەشی تا ڕادەیەك بۆ منداڵانی تەمەن هەشت ساڵان بەرەوسەرەوە گونجاوەو چێژ بە منداڵان دەبەخشێت، گەرچی هەندێك وشەی تێدایە لە ئاستی تێگەیشتنی منداڵانی بچوکدا نییە، وەکو وشەکانی (ئەجداد، وەحشەت، تەوەللا، عیرفان، مەعاریف، تەبعی سەلیم، موددەعا)، بەڵام هێشتا دەتوانین بە هەوڵێکی کاریگەرو گرنگی دابنێین بۆ سرودو گۆرانی منداڵان لەو سەردەمەی خۆیدا.

جگە لەمانە زێوەر چەندین سرودو گۆرانی دیکەی نوسیوە وەکو: (ئەی کوردینە، تادەست لەمل هیوا نەکەم، وا وەتەن خەملیوە وەك گوڵ، فەخرە بۆ ئێمە کوردستان، کوردستان وەتەنمانە، بولبول بەنەغمە، ئێمە کە منداڵ و نەوجوانین، ئەساسی ئەم مەدرەسەیە، ئەی شاگردانی وەتەن، ئێمە).(زێوەر، 2003: 171- 180).

ئەم سرودو گۆرانییانەی زێوەر بۆ منداڵانی سەروی هەشت ساڵ گونجاوە، لە دیوانەکەیدا ئاماژە بە کێشی سرودو گۆرانییەکان کراوە، ئەوەی جێی سەرنجە ئاوازو کێشی زۆربەی سرودو گۆرانییەکان لە سرودو گۆرانی تورکی و فارسی و عەرەبی وەرگیراون، لە دیوانەکەدا چەندین شیعری منداڵان و قوتابییان هەن، کە بۆ منداڵانی خوار تەمەن هەشت ساڵانیش دەگونجێن و خراونەتە خانەی سرودو گۆرانییەوە، بەڵام ئاماژە بەوە نەکراوە ئەم شیعرانە بە چ کێش و ئاوازێکەوە وتراون، لەبەرئەوەی شیعر بەبێ ئاواز و وتن نابێت بە سرود یان گۆرانی، بۆیە ئێمەش لێرەدا ئاماژەمان پێ نەکردون.

پیرەمێرد (1867-1950ز) زاناو بوێژی گەورەمان، بەهۆی ئەو ئەزمونەی کە لە وڵاتی تورکیا وەریگرتوە، لە دیوانەکەیدا چەند سرودو گۆرانییەکی جوان و ڕازاوەی پێشکەش بە منداڵان و قوتابییان و نەوجەوانانی کورد کردوە، ئاهەنگ و ئاوازی ئەم سرودو گۆرانییانەش تورکی و عەرەبی بون ((پیرەمێرد لەو سەردەمەدا کە لە تورکیا بوە، ئەو سرودو گۆرانی و هەڵبەستانەی کە لە دەمی مامۆستایان و قوتابی و ڕۆشنبرانی ئەوسای تورکیایا بە گۆرانی یاخود بەهۆی گۆڤارو ڕۆژنامەکانەوە ئەخوێندەوە. ئەمانە هەموی کاری تێ کردبو، کە گەڕایەوە بۆ کوردستان، هێشتا هەوای ئەو سرودە نیشتمانییانە لە کەڵلەیدا مابو)) (هاوار، 2007: 322). (تازە گوڵی چیمەنین) یەکێکە لەو گۆرانییانەی بۆ منداڵانی قوتابخانەی نوسیوە کە دەڵێت:

**تازە گوڵی چیمەنین**

**بەرخە کۆرپەی وەتەنین**

**ئێمە کە دەستەی کچین**

**هەمو بۆ مەکتەب ئەچین (هاوار، 2007: 331).**

لە کتێبی (گۆرانی) نوسینی کوردی مەریوانی، ئاماژە بەوەکراوە کە ئەم گۆرانییە لەسەر ئاوازی (یابنی العراق) وتراوە. (مەریوانی، 1932: 61)

هۆنراوەی گۆرانییەکە هەشت دێڕەو کێشێکی سوکی هەیەو لەبەرکردنی بۆ منداڵان ئاسانە، ناوەڕۆکەکەشی گونجاوە بۆ منداڵ و باسی گرنگی قوتابخانە دەکات و هانی منداڵان دەدات کە ڕو لە خوێندن و خوێندەواری بکەن.

پیرەمێرد جگە لەمە چەند سرودو گۆرانییەكی دیكەی نوســـیوە لەوانە: (سرود بۆ قوتابی منداڵ، سرود بۆ نەوجەوانان، گۆرانی سپۆرت، گۆرانی بەهار، گۆرانی نەسرین، سرودی نەورۆز) (هاوار، 2007: 321).

هەنـدێك لەم سرودو گۆرانییـانە بۆ گەوران نوسراون و ئەوانیش گوتویـانە، بەڵام منـداڵانیش وتویـانە و چێژیـان لێ وەرگرتوە، وەكو (گۆرانی بەهار) و سرودی (نەورۆز).

فایەق بێكەس(1905-1948ز)ی شاعیریش بەهەمان شێوەی زێوەرو پیرەمێرد شیعری بۆ منداڵان نوسیوە و دەستێكی بـاڵای لەم هونەرەدا هەبوە، (مەحمود خەزنەدار) لە نـامیلكەی (سرودی كوردی بۆ قوتـابیـان) ئەم سێ هۆنراوەیەی زێوەری لە كتێبەكەدا وەك سرود نوســیوە: (خوایە وەتەن ئاواكەی، شــاخی ڕەنگاو ڕەنگی گۆێژە، ئەی دلێران) (خەزنەدار، 1959: 17-39)، بەڵام (نوری عەلی ئەمین) جگە لەم سێ هۆنراوەیە (گۆرانی سپۆرت)یشی لە كتێبەكەیدا وەك سرود بۆ قوتابیان نوسیوە. (ئەمین، 11960: 20-23)

لەپاڵ ئەم شاعیرانەی سەرەوەدا چەند شاعیرێكی تریش دەستیان لە دانانی سرودو گۆرانی بۆ منداڵاندا هەبوە، بۆ نمونە: بەختیار زێوەر بە سرودەكانی (چەند شــیرینە لام، براینە لە خەو هەڵســـن، شـــاخی ڕەنگاوڕەنگی گۆێژە، پیرە مەگرون)، عەبدولواحید نوری بە سرودەكانی (ئێمە كە لاوین، ئەی وەتەنی كوردی عەزیز، وریابونەوە، ئەی فەجری جوان، كوڕگەل وەرن)، ڕەمزی قەزاز بە سرودەكانی (بگەڕێین گۆرانی بڵێین، یاریم بۆ بكە)، ئەحمەد دڵزار بە سرودەكانی (براگەل بخوێنن، یەكێتی و زانست)، شـەوكەت هۆشیار بە سرودی (قوتابییان، ئاشـتی)، پاشـان گۆران و دڵدار و چەندین شـاعیری تریش ڕۆڵیان هەبوە لە دانانی هۆنراوەی سرود و گۆرانی منداڵان، ئەوەی جێی تێڕامان و لێ وردبونەوەیە ئەوەیە، كە زۆرێك لەم سرودو گۆرانییانە بۆ گەورەكەســان نوسراون، یاخود بۆ ڕوداو ســەردەمێكی دیاریكراو نوسراون، بەڵام چونەتە ناو جیهانی منداڵان و ئەوانیش بەشی خۆیان لێ وەرگرتوە و چێژیان لێ بینیوە، هەر ئەمەش هۆكارێك بوە بۆ چاندنی هەستی نیشتمانی و نەتەوایەتی لە دڵ و دەرونی قوتابییاندا، هەروەها زۆربەی ئاوازی گۆرانی و سرودەكان لە گۆرانی و سرودی نەتەوەكانی دراوسێی كوردەوە وەرگیراون، بەڵام لە ناوەڕاستی ساڵانی پەنجاكانەوە سرودو گۆرانی منداڵان زیاتر خۆی لە سرودو گۆرانی گەوران جیاكردەوەو چەندین شـــاعیرو ئاوازدانەری كورد ڕۆڵیان لەم گۆڕانكارییەدا هەبو، هەروەها دامەزراندنی چەندین گروپی موزیكی كوردی و كردنەوەی خولی فێربونی موزیك لە شـــارە كوردییەكان و دروســـتبونی گروپی موزیكی منداڵان و چەندین هۆكاری دی وای كرد سرودو گۆرانی منداڵان هاوشانی سرودو گۆرانی گەوران بچێتە قۆناغێكی نوێوەو سەربەخۆیی خۆی وەربگرێت و خۆی نوێ بكاتەوە.

## ئەنجامەكان

دوای ئەوەی لایەنە تیۆری و پراكتیكییەكانی ئەو بابەتەمان خستەرو، گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

1- سرود دەكرێت بە دو بەشـــەوە، بەشــێكیان ئەو سرودانەن كە لە ئاتەشــگەو پەرســتگەكاندا ســەریانهەڵدا و لەوێش دەوتران، بەشێكیشیان ئەو سرودانەن كە لە ئەدەبی نوێی كوردیدا سەریانهەڵداو لە چوارچێوەی نەتەوایەتی، نیشتمانی و سیاسی خۆیان دەبینییەوە.

2- گۆرانی فۆلکلۆری منداڵان، مێژویەکی کۆنی هەیەو لەدوای ســـەرهەڵدانی سرود و گۆرانی منداڵانیش، نوســـەران و شاعیران سودیان لەم فۆلکلۆرە دەوڵەمەندەی منداڵان بینیوە.

3- سرودو گۆرانی منداڵان لە ئەدەبی نوسراودا لە بیستەکانی سەدەی بیستەم، لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانە بۆ منداڵان سەریهەڵدا.

4- یەکەم شاعیر کە سرودو گۆرانی بۆ منداڵان نوسیوە (زێوەر)ی شاعیرو مامۆستایە.

5- یەکەم سرود کە بۆ قوتابیان نوسراوە لە ساڵی (1922)، سرودی (ئەی وەتەن چەند خۆشەویستی) زێوەرە.

6- لە سەرەتای سەرهەڵدانی سرودو گۆرانی منداڵان، زیاتر سود لە ئاوازی تورکی و عەرەبی و فارسی وەرگیراوە بۆ سرودو گۆرانی منداڵان.

7- زۆرجار سرودەکان بۆ گەوران نوسراون، بەڵام بەهۆی ئەو حەماسەت و هەستە نەتەوەییەی لە ناخی منداڵاندا هەبوە، ئەم سرودانە چونەتە ناو جیهانی منداڵان و ئەوانیش چێژیان لێ وەرگرتون، هەندێك جاریش بەپێچەوانە بوە.

## لیستی سەرچاوەکان


ئاگرین، عەبدوڵلا، 2012، حەماسەت ئەفراندنی لە سرودی کوردیدا خولقاندوە، گۆڤاری زانستی مرۆڤایەتی زانکۆی سەلاحەدین، ژمارە (55).

ئەحمەد، نەوزاد عەلی، 2007، منداڵ و ئەدەب، چاپی ئەلیکترۆنی.

ئەمین، نوری عەلی، 1960، سرود بۆ قوتابیان، سلێمانی، چاپخانەی کامەران.

باقی، محەمەد حەمە، 2002، مێژوی مۆسیقای کورد، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

بەبێ ناو، 1925، گۆرانی کوردی، سلێمانی چاپخانەی بەلەدیە.

پیرباڵ، فەرهاد، 2005، شیعری نوێی کوردی، هەولێر، چاپخانەی دەزگای ئاراس.

جاف، حەسەن فەهمی، 1961 کوردوستان شوێنی گەڕانەوەی دە هەزار یۆنانی لە 401ی پێش میلاددا، بەغدا، چاپخانەی مەعرف.

جعفر، حجی، 2005، ستران و یاریێت بچوکان، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

جەمال، ڕێبوار، 2007، هەندێك یاری فۆلکلۆری لە ناوچەی پشدەر، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.

حوسێن، هیمداد، 2020، ئەدەبی نوێی کوردی، هەولێر، ناوەنی ئاوێر.

حیلمی، ڕەفیق، 2003، یادداشت، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

خاڵ، شێخ محەمەدی، 2005، فەرهەنگی خاڵ، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،

خەزنەدار، مەحمود، 1959، سرودی کوردی بۆ قوتابیان، سلێمانی، چاپخانەی ژین.

ڕەسول، عیززەدین مستەفا، 1970، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەغدا، دار الجاحظ.

زێوەر، مەحمود، 2003، دیوانی زێوەر، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

شارباژێڕی، عوسمان، 1972، لێدوانێکی کورت لە مەقام و مۆسیقای کورد، سلێمانی، چاپخانەی ڕاپەڕین.

شارباژێڕی، عوسمان، 1985، گەنجینەی گۆرانی کوردی، بەغدا، مطبعة الزمان.

شوان، ڕەزا، 2019، چەپکێك لە لای لایەی دایکانی کورد، العراق، رؤى للطباعة والنشر.

شوان، ئیبراهیم، ئەحمەد، 2018، مەڵۆیێ لە ئەدەبی منداڵانی کورد، چاپخانەی هێڤی.

شـــەریف، عەبدولواحید ئیدریس، 2008، سرود و گۆرانی نیشـــتمانی و بەرەنگاری، کوردی لە کرمانجی خواروودا (1935-1991)، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە.

عومەر، موحسین ئەحمەد، 2012، فەرهەنگی ئەدەبی، سلێمانی، چاپخانەی حەمدی.

قادر، زیاد ڕەشاد، شیعری منداڵان لە مێژوی ئەدەبی کوردیدا، هەولێر، دەزگای چاپ و پەخشی نارین.

کوردی و مەریوانی، 1932، گۆرانی، بەغداد، چاپخانەی ایتام.

موکری، محەمەد، 1999، گۆرانی یا ترانەهای کوردی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری.

هاوار، محەمەد ڕەسول، 2007، دیوانی پیرەمێردی نەمر، هەولێر، چاپخانەی شڤان.

هەژار، 1369، هەنبانە بۆرینە، تهران، سروش.

هەورامی، حەمەکەریم، 2005، ئەدەبی منداڵانی کورد، بەرگی یەکەم، هەولێر چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

هەورامی، حەمەکەریم، 2007، ئەدەبی منداڵانی کورد دوای ڕاپەڕین، بەرگی دووەم، هەولێر، دەگای ئاراس.

الکیالی، عبدالوهاب، بدون سنة، موسوعة السیاسیة.

وهبة، مجدی & المهندس، کامل، 1984، معجم المصطلحات العربیة فی اللغة والادب، لبنان، مکتبة لبنان.